

## سۆزی دڵشاد یاریزانی یارییە سیانییەکانی هەڵبژاردەی عێراق:

# دەمەوێت مەدالیای ئاڵتوونی ئاسیا بەدەستبهێنم

■

تیپی پاسکیلسواری و یارییە سیانییەکانی یانەی نەورۆز یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی ئاستی کوردستان و عێراقە و هەموو کات پێشەنگ بووە بۆ پێگەیاندنی کچە یاریزانانی کورد لە یارییەکانی پاسکیلسواری، یاری پاسکیلسواریش یەکێکە لەو یارییانەی کە یانەکە گرنگی باشی پێدەدات و خاوەن چەندین کچە یاریزانن کە دوارۆژێکی باش چاوەڕوانیان دەکات. سۆزی دڵشاد یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی هەڵبژاردەی یارییە سیانییەکانی عێراق و یانەی نەورۆزە. ناوبراو ساڵی ١٩٩٧ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و قوتابی زانکۆیە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لە زانکۆی سلێمانی و لە پاڵەوانێتییەکانی رابردوو لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبیش چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە کە دەگاتە ١٦مەدالیای زێڕ و زیو و برۆنزی، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

■ دیمانە: کارزان کانەبی





*** چۆن بوو رووت لە یارییە سیانییەکان کرد؟**

-پێش دوو ساڵ بانگهێشت کرام بۆ هەڵبژاردەی سیانییەکان بە هۆی ئەوەی کە من باشترین یاریزانی عێراق بووم لە پاسیکلسواری بۆیە بەرپرسانی ئەم یارییەش پێیانوابوو لە یارییە سیانییەکانیش بە هەمان شێوەی پاسیکلسواری ئەنجامم دەبێت، توانیم لە ساڵی ٢٠١٤ لە یارییە سیانییەکان مەدالیای زیو بەدەستبهێنم، ماوەیەک بەر لە ئێستاش لە وڵاتی میسر مەدالیای زێڕم بەدەست هێنا.

***ئاستی یاری سیانییەکان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- یارییە سیانییەکان بە حوکمی ئەوەی کە یارییەکی قورسە هەموو یاریزانێکی ئافرەت ناتوانێ خۆی لێ بدات، بۆیە یاریزانان ژمارەیان زۆر کەمن و گرنگیشی پێ نادرێت وەکو پێوست.

*** بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

-پێویستە گرنگییەکی زۆری پێ بدرێت، چونکە یارییەکی گرنگە لە سەر ئاستی جیهان لە دوای تۆپی پێ گرنگی بەم یارییە دەدەن و پێویستە یاریزانەکانیش یارمەتییان بدرێت، لەسەر بەرپرسانی ئەم یارییەش پێوستە زیاتر هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی ئەم یارییە فراوانتر بکەن و زۆرترین یاریزانان بهێننە ناو ئەم وەرزشە.

*** وەکو کچە یاریزانێک تاکو ئێستا لەم یارییە چ گرفتێکت بۆ دروست بووە؟**

- گرفت زۆرە و ناکرێ باسی هەمووی بکەین، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم کە چیتر رێگری نەکەن لە رۆڵەکانیان لە بەشداریکردن لە یارییە سیانییەکان لە دەرەوەی وڵات.

*** بە چ یاریزانێکی یاری یارییە سیانییەکان سەرسامی؟**

- من ماوەیەکی کەمە هاتوومەتە ناو یارییە سیانییەکان بۆیە هێشتا ئاشنا نەبووم بە یاریزانانی جیهانی.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس لەم یارییە چییە؟**

-هیوام وایە بەرپرسەکانیش تەواوکەری ئەم یارییە بن و هاوکاری تەواوی یاریزانان بکەن، تاکو ئێمەش بتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، نەک لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، دەمەوێت مەدالیای ئاڵتوون لەسەر ئاستی ئاسیا بەدەستبهێنم.

*** لە هەڵبژاردەی پاسکیلسواری عێراقی و یارییە سیانییەکان لەلایەن یاریزانە عەرەبەکانەوە دژایەتیتان ناکرێ؟**

-نەخێر، هیچ دژایەتیکمان ناکرێ، بەڵکو تەنیا رکابەرایەتی لە وەرزش هەیە و ئەوەش بنەمای وەرزشە.

*** کێشە و گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چی دەبینی؟**

-کێشەی ئەم یارییە زۆرە، چونکە ئەم یارییە خۆی لە سێ یاری دەدۆزێتەوە، پاسکیلسواری و راکردن و مەلەوانی، تاکو ئێستا هیچ شوێنێکی تایبەتیمان نییە تا مەشقەکانمان بە شێوەیەکی رێکوپێک ئەنجام بدەین.

*** قوتابی زانکۆیت، ئایا وەرزش تاچەند دەبێتە رێگر لە خوێندنت؟**

-تائێستا نەمهێشتووە وەرزشەکەم ببێتە رێگر لە بەردەم خوێندنم، هەموو کاتەکانی خۆم دابەش کردووە، زۆر سوپاسی مامۆستایانم دەکەم لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی کە بەردەوام بۆ رێگەدان بە بەشداریم لە پاڵەوانێتییەکان هاوکاری من بوون.

*** هیوا و ئاواتت وەکو کچە یاریزانێک لەم یارییە چییە؟**

-بەهیوای ئەوەم لەسەر ئاستی وڵاتانی ئاسیاش مەدالیا لەبەر بکەم، وەکو چۆن لە وڵاتانی عەرەبی مەدالیای زێڕم بەدەستهێنا.

*** حەز دەکەی هەڵبژاردەی پاسکیلسواری و یارییە سیانییەکانی کوردستان دروست بێت، تۆش یەکێک بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- بە دڵنیاییەوە زۆر دەمێکە چاوەڕێ ئەوەم وەکو هەڵبژاردەی کوردستان لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بەشداری بکەم.

*** بەنیازی بۆ ئایندەی خۆت وەکو کچە یاریزانێک چی بکەیت؟**

- بەنیازی ئەوەم خوێندنم تەواو بکەم، دوای ئەوە ئیش لەسەر ئەوە بکەم بواری وەرزشی خۆم بەرفراوانتر بکەم.

***یانەکەتان تاچەند هاوکارتانە؟**


-دەستخۆشییان لێ دەکەم و بە هیوای ئەوەم هەموو یانەکانی دیکە چاو لە یانەی نەورۆز بکەن و بەردەوام هاوکاری تیپەکانیان بن.

***بەدەستهێنانی مەدالیای ئاڵتوون لە پاڵەوانێتی یارییە سیانییەکانی عەرەبی لە میسر چ هەستێکی لات دروست کرد؟**

-ئەم مەدالیا ئاڵتوونە یەکەم جار نییە لە ملم بکرێ، بەڵام تام و چێژێکی تایبەتی هەبوو، هەستێکی زۆر خۆشی لای من دروست کرد.

***لە کۆتاییدا دەتەوی باسی چی بکەیت؟**

-زۆر سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کە هەموو کات پاڵپشتی منن، بە هیوای ئەوەم هەموو خێزانێک پشتیوانی منداڵەکانی خۆیان بکەن، سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم کە بەڕاستی گرنگیی زۆر بە وەرزشی ناوخۆیی دەدات و بەبێ جیاوازی خزمەتی شارەکانی کوردستان دەکات.



## بۆ یەکەم جار لە مێژووی خولی ئینگلیزیدا

# لیستەر سیتی بووە پاڵەوانی خولەکە

لە وەرزی رابردوو دەستەی کارگێڕی یانەی لیستەر سیتی گرێبەستیان لەگەڵ راهێنەری ئیتاڵی (کلاودیۆ رانێری) مۆرکرد بۆ ئەوەی تیپەکە لە هەڕەشەی دابەزین رزگار بکات. ناوبراو توانی ئەم کارە بکات، بۆیە لەم وەرزدا گرنکترین ئەرکی راهێنەری مانەوە بوو لە خولەکە، کەچی نە دۆست و نە رکابەرانی ئەم یانەیە لەو باوەڕەدا نەبوون، کە لیستەر سیتی ببێتە پاڵەوانی خولی ئینگلیزی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا و پێش تەواوبوونی یارییەکانی خولەکە بە دوو هەفتە.

### مێژووی لیستەر سیتی

یانەی لیستەر سیتی کە بەناوی (ریوەیەکان) ناسراوە لە ساڵی (١٨٨٤) دامەزراوە و ناوی یاریگاکەی (پاوەر کینگ) ـە و سەرمایەدارێکی تایلاندی خاوەنی یانەیەکە دەکەوێتە شاری لیستر، ماوەی ١٠ ساڵ لە خولی پلە دووەکانی ئینگلیزی یاری کرد پاشان سەرکەوت بۆ خولی پلە یەکەکان و لە وەرزی (٢٠١٤-٢٠١٥) سەرکەوت بۆ خولی پلە نایابەکانی ئینگلیزی و پلەی ١٤یەمی خولەکی بەدەستهێنا و لەم وەرزدا توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا ببێتە پاڵەوانی خولی ئینگلیزی.

### لیستەر و رانێری یەکەم نازناویان بە دەستهێنا

دوای مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ کلاودیۆ رانێری وەکو راهێنەری یانەی لیستەر سیتی، رەخنەیەکی زۆر لە دەستەی کارگێری یانەکە گیرا، چونکە رانێری سەرکەوتنی ئەتۆی لەگەڵ یانەکان نەبوو لە زۆربەی خولەکان هەرچەندە راهێنەرایەتی چەندین یانەی گەورەی جیهانی کردووە، بەڵام لە ژیانی راهێنەرایەتی نەیتوانیوە یەك نازناوی خولەکان بە دەستبهێنێت، رانێری لە خولەکانی ئیسپانیا و ئیتاڵیا و ئینگلتەرە و فەرەنسا کاریکردووە و راهێنەری یانەکانی (چێڵسی، ئەتلەتیکۆ مەدرید، مۆناکۆ، ڤیرۆنیتینا، تاد) و چەندین یانەی گەورەی جیهانی بووە، بەڵام رانێری توانی کۆمەڵە یاریزانێك کۆبکاتەوە بە برە پارەیەکی زۆر کەم تیپێکی لە نەبوونەوە دروست کرد و بووە پاڵەوانی خولەکە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا و لە مێژووی یانەی لیستەر سیتی.

### رانێری ئاهەنگی لەگەڵ کێ گێڕا

لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکەی تۆتنهام هۆتسبیرز و چێڵسی کلاودیۆ رانێری بە مەبەستی ئامادەبوون لە ئێوارە خوانێك لەگەڵ دایکی گەڕایەوە ئیتاڵیا، لە کاتی تەواوبوونی یارییەکە کلاودیۆ رانێری ئاهەنگی سەرکەوتنی لەگەڵ دایکی لە چێشتخانە گێڕا و پێوەندیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ راهێنەری یانەی چێڵسی (گۆس هیدینك) ئەنجامدا، بە شلەژاوە سوپاسی هیدێنگی کرد، چونکە چێڵسی بووە هۆکاری بە دەستهێنانی نازناوی خولەکە، لە بەرانبەردا شەوی یاری چێڵسی و تۆتنهام یاریزانانی لیستەر سیتی لە ماڵی ئەستێرەی تیپەکە(جیمی ڤاردی)کۆبوونەوە، لەگەڵ تەواوبوونی یارییەکەش ئاهەنگ سەرکەوتنیان گێڕا و شاری لیستەر تا بەیانی ئاهەنگی سەرکەوتنی لە شەقامەکان ئەنجامدا.

### ئەستێرەکانی تیپەکە کێ بوون

یانەی لیستەر سیتی کۆمەڵە یاریزانێکی کۆکردەوە، کە لە جیهانی تۆپی پێی ناسراو نەبوون، تا رادەیەك بەرەو لەیاد چوون دەچوون، کاسبر شمایکل کوڕی گۆڵپارێزی پێشووی جیهانی پیتەر شمایکل یەکێك بوو لە ئەستێرەکانی تیپەکە ئەم گۆڵچیە دوای ئەوەی لە یانەی مانچستەر سیتی یاری کرد و ژیانی وەرزشی بەرەو کۆتایی دەڕۆی، کەچی یانەی لیستەر سیتی متمانەی بەخشییە ئەم گۆڵپارێزە و توانی ببێتە ئەستێرەی یانەکە.

یاریزانی هێڵی هێرشبەر جیمی ڤاردی، کە پێش پێوەندیکردن بە یانەی لیستەر سیتی لە خولەکان پلەکانی چوار و سێ یاری دەکرد و هەروەها لە کۆمپانیەك کاری دەکرد، کەچی رانێری متمانەی خۆی بەخشیە ئەم یاریزانە، کە ئێستا

باشترین یاریزانی هێڵی هێرشبەرە لە خولی ئینگلیزی و لە زۆربەی یانە گەورەکانی جیهان داواکراوە.

ریاز مەحرزی جەزائیری لە یانەی لۆهاڤری خولی پلە دووی فەرەنسی یاری دەکرد، لەگەڵ هاتنی بۆ لیستەر بووە ئەستێرەی ژمارە یەك لە یانەکە و بە باشترین یاریزانی خولی ئینگلیزی دەستنیشانکرا و ئێستا زۆربەی یانە گەورەکانی جهیان چاوی لەم یاریزانەیە.

## ژمارە و ئامارەکانی لیستەر سیتی

یانەی لیستەر سیتی لەم وەرزە ١١ لێدانی سزای بۆ هەژمارکراوە و لە نۆ لێدانی سزا گۆڵ تۆمارکراوە و تەنیا چوار یاریزان بەهۆی سزاوە لە یارییەکانی تیپەکە بێبەش بوون، رانێری تەنیا پشتی بە ١٦ یاریزان بەست بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە، هەردوو یاریزان جیمی ڤاردی و ریاز موحرز بەتەنیا ٦٠ خاڵیان بۆ یانەی لیستەر سیتی بە دەستهێنا لە کۆی ٧٧ خاڵ، ریاز محرز ١٧ گۆڵی تۆمارکردووە ١١ گۆڵی

## قازانجەکانی لیستەر روو لە زیادبوون دەکات

شارەزایانی بواری ئابووری پێشبینی دەکەن لەگەڵ بە دەستهێنانی نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی یانەی لیستەر سیتی بری (٣٦٥,٢٢٠) ملیۆن دۆلار قازانج بکات و شاری لیستر لە رووی ئابووری و گەشتیاری گەشانەوەی بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە پێشبینی دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران روو لەم شارە بکەن.

یانەی لیستەر سیتی بری (٩٠)ملیۆن جنیە ئەسترلینی لە دەستەی خولی نایابی ئینگلیزی وەردەگرێت بۆ بە دەستهێنانی پلەی یەکەم وهەروەها خەڵاتی سەرکەوتن بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپاش وەردەگرێت و خەڵاتی داهاتەکانی پەخشی تەلەڤزیۆنی وەردەگرێت، لە هەمان کاتدا دوای ئەم دەستکەوتە مێژووییە شارەزایان بواری ئابووری پێشبینی دەکەن، کە کۆمپانیەکان هەوڵ دەدەن ببنە سپۆنسەری یانەکە لە یاریگا و لەسەر درێس... تاد بۆیە پێشبینی دەکرێت بری



ئا: رێبین رەمزی

دروستکردووە و جیمی ڤاردی ٢٢ گۆڵی تۆمارکردووە و ٦ گۆڵی دروستکردووە.

کاسپر شمایکل وەکو باوکی لە تەمەنی ٢٩ساڵی توانی نازناوی خولی ئینگلیزی بە دەستبهێنێت، کاتێك پیتەر شمایکل لە تەمەنی ٢٩ ساڵ لەگەڵ یانەی مانچستەر یۆنایتد نازناوی خولی ئینگلیزی بە دەستهێنا.

گۆڵپارێزی یەدەگی یانەی لیستەر سیتی مارك شوارزر بووە یەکەم گۆڵپارێز لە مێژووی خولی ئینگلیزی، کە دوو ساڵ لەسەر یەکدی نازناوی خولەکە بە دەستبهێنێت لەگەڵ دوو یانەی جیاواز بەبێ ئەوەی یەك خولەکیش یاری بکات، کاتێك لە وەرزی رابردوو لەگەڵ یانەی چێلسی پلەی یەکەمی بە دەستهێنا و لەم وەرزدا لەگەڵ یانەی لیستەر سیتی پلەی یەکەمی بە دەستهێنا ئەم کوڕە و باوکە بوونە دووەم کوڕ و باوك لە مێژووی خولەکە نازناو بە دەستبهێنێن دوای شۆن رایت فلیپس و ئەیان رایت فلیپس.

ئەندی کینگ تاکە یاریزانە، کە بتوانێت لەگەڵ هەمان یانە خولی پلە دووەکانی ئینگلیزی و پلە یەکەکانی ئینگلیزی و پلە نایابەکانی ئینگلیزی بە دەستبهێنێت

١٥٠ ملیۆن جنیە ئەسترلینی لە وەرزی داهاتوو قازانجی یانەکە دەبێت لە رووی سپۆنسەر کردنەوە.

لەم وەرزەدا ژمارەی بینەرەکانی یانەی لیستەر سیتی لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن بە رێژی (٢٣٪) زیادیکردووە و هەروەها لە ئیتاڵیا جەماوەرێکی زۆر سەیری یارییەکانی ئەم یانەیان کردووە هۆکارەکەشی بۆ راهێنەری کلاودیۆ رانێری دەگەرێتەوە، بە پێی ئامارەکان نرخی یانەی لیستەر لیستی لە رووی راگەیاندن بە رێژەی (٣٠٪) بەرزبێتەوە لەسەر ئاستی جیهان و رێژەکە گەیشتە (٧٠٪) لە ئەمەریکا.

لە رووی رێژەی هاندەران لە نێو ئینگلتەرە، یانەی لیستەر سیتی لە هەر یارییەکە خاوەنی ٧٨٥ هەزار هاندەر بوو، کەچی ئێستا ژمارەکە گەیشتە یەك ملیۆن هاندەر لە هەر یارییەك.

چاوەڕوان دەکرێت لەگەڵ بەشداریکردنی یانەی لیستەر سیتی لە خولی یانەی پاڵەوانەکانی ئەوروپا بری ٣٦ ملیۆن جنیە ئەسترلینی قازانج بکات.

لەلایەکی دیکەوە چاوەڕوان دەکرێت شاری لیستەر بڕی ٤٩ ملیۆن جنیە ئەسترلینی قازانج بکات.

# رۆژگار زرار دێتەوە کوردستان

رۆژگار زرار یەکێک لە هێرشبەرە بەتواناکانی وڵاتی نەمسایە یاریزانی ناوبراو ماوەیەکی زۆرە لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبات لەگەڵ خانەوادەکەی لە ئێستاشدا رۆژگار لە خولی یانە پلە سێ یەکانی وڵاتی نەمسا لەگەڵ یانەی (Favac)یاری دەکات و توانیویەتی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا سەرەنجی زۆر یانەی وڵاتانی ئەوروپا بۆ خۆی رابکێشێت، جگە لەوەش رۆژگار بەنیازە بێتەوە کوردستان بۆ ئەوەی خزمەت بە وەرزشی کوردستان بکات، لەم بارەشەوە لە وڵاتی نەمسا رۆژگار زرار بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من تاکو ئێستا پەیوەستم بەو گرێبەستەی لەگەڵ یانەی (Favac) مۆرم کردووە و خزمەتی ئەو یانەیە دەکەم لە خولی پلە سێیەکانی وڵاتی نەمسا، بەڵام چەندین گرێبەستم بۆ هاتووە لەلایەن یانەکانی دیکەی ئەوروپا، لە کوردستانیش گرێبەستم بۆ هاتووە، بەڵام من جارێک نامەوێت هیچ گرێبەست ئاشکرا بکەم و ناوی ئەو یانانە ئاشکرا بکەم کە پێوەندییان بە منەوە کردووە، بەڵام لە ماوەی دە رۆژی داهاتوو دەگەڕێمەوە کوردستان بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئەو یانانە بکەم کە پێوەندییان پێوە کردووم بۆ یاریکردن لە ریزەکانیەوە، سەیری بارودۆخەکەش دەکەم، ئەگەر گرێبەستەکەم باش بێت، ئەوا لەگەڵ یانەکەی کوردستان رێک دەکەوم، حەزیش دەکەم خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم، چونکە خۆم کوردم و دەمەوێ هەرچی هەبێت لە پێناو کوردستان ئەنجامی بدەم.»






# نیاز محەمەد بڕیاری کۆتایی نەداوە

هەرچەندە نیاز محەمەد ئەمساڵ لەگەڵ هەردوو یانەی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر لە هەردوو خولی نایابی یانەکانی کوردستان و عێراق بەشداری کردو توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە خولەکە، هەر بۆیەش لەلایەن راهێنەرانی هەردوو هەڵبژاردەی عێراق و کوردستان بانگهێشت کراوە. نیاز ئێستا سەرقاڵی ئامادەکارییە لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بۆ پاڵەوانێتی کۆنیفا لە وڵاتی رووسیا، بەڵام تاکو ئێستا بڕیاری کۆتایی نەداوە لەسەر چارەنووسی وەرزشیی خۆی کە ئایا لەگەڵ پێشمەرگەی هەولێری لە پیرمام بەردەوام دەبێت، یاخود یانەیەکی دیکە دەدۆزێتەوە بۆ درێژەدان بە وەرزشکردن،

# ئایا دهۆک پارەی یاریزانانی دابین دەکات؟

لەگەڵ ئەوەی ماوەی دوو ساڵە یانەی وەرزشیی دهۆك لە یارییەکانی تۆپی پێ لە خولەکانی کوردستان و عێراق بە قەیرانێکی سەختی داراییدا گوزەر دەکات، بەڵام پلانی پشت بەستن بە یاریزانانی کوردی پەیرەو کرد و ئەمساڵیش بە هەمان ریتمی ساڵی رابردوو یانەکە پشتی بە یاریزانانی کوڕی شارەکەی بەست، بەڵام نەیتوانی هەردوو خول تەواو بکات، تەنیا لە خولی کوردستان کێبڕکێی کرد تا دوایین هەفتەکانی خولەکە، بەڵام یاریزانانی یانەکە تاکو ئێستا پارەی گرێبەستی خۆیان وەرنەگرتووە، لە ئێستاشدا یانەکە لە هەوڵی دابینکردنی قیستی بەشێك لە گرێبەستی یاریزانانە بۆ ئەوەی تا رادەیەك رازییان بکات، لەم بارەشەوە محەمەد عەلی بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئەمساڵ دووچاری قەیرانێکی سەخت بووین، هەر بۆیە نەمانتوانی خولی عێراقیش تەواو بکەین و داوای لێبوردنمان لە یەکێتی تۆپی پێی عێراقی کرد و تەنیا لە خولی کوردستان بەردەوام بووین، ئەم یاریزانانەی یارییان بۆ یانەکە کردووە هەر چەندە کوڕی یانەکەمانن، بەڵام گرێبەستی فەرمیمان لەگەڵیان ئەنجامداوە، بەڵام پارەی ئەم یاریزانانەمان نەداوە، خولی کوردستانیش تەواو بووە و ئەم پارەیەش مافێکی سروشتی خۆیانە و لەسەر ئێمەیە بۆیان دابین بکەین، لە ئێستاشدا هەوڵێکی باشمان داوە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا ئەم بڕە پارەیە دابین بکەین بۆ یاریزانانی خۆمان، جگە لەوەش قیستێکی باشمان داناوە بۆ یاریزانانی خۆمان و بە ئەرکی خۆشمانی دەزانین خزمەتیان بکەین.» لە بارەی بەرنامەی ساڵی داهاتووشیان محەمەد عەلی گوتی: «بەرنامەی تایبەتمان دەبێت بۆ یانەی دهۆك و هەوڵیش دەدەین زیاتر پشت بە کوڕانی دهۆك ببەستین و وەرزشی شارەکەمان زیاتر پێش بخەین.»

جێگای ئاماژە پێکردنە ئەمساڵ یانەی دهۆك پلەی سێ یەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەستهێنا.



لەم بارەشەوە نیاز محەمەد یاریزانی یانەی پێشمەرگە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من لە ئێستادا سەرقاڵی مەشقەکانی خۆمم لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بۆ بەشداریکردنمان لە پاڵەوانێتی کۆنیفا بۆ هەڵبژاردەی هەرێمەکان، بۆیە تاکو ئێستا قسەم لەسەر ماوەی گرێبەستەکەم نەکردووە لەگەڵ یانەکانی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر، ئەوانیش بە فەرمی هیچ قسەیەکیان لەگەڵ من نەکردووە، چونکە خولی کوردستان و عێراق ماوەیەکە بە کۆتایی هاتووە، منیش لە ئێستادا نامەوێ بیر لە گرێبەست بکەمەوە، چونکە هیچ دانیشتنێکم لەگەڵ یانەکانی خۆم نەکردووە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی وەرزشی خۆم، من دەمەوێت زۆرترین خزمەت بە بواری وەرزشی بکەم لە کوردستان، چونکە هەتاکو یانەکانی خۆمان پێویستیان بە من بێت، خزمەتی وەرزشی شارەکەم دەکەم، لە سەر بڕیاری کۆتاییشم لەگەڵ هیچ یانەیەك قسەم نەکردووە.»

جێگای ئاماژە پێکردنە نیاز محەمەد لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر پلەی دووەمی خولی نایابی کوردستانی بەدەستهێنا.